وەزارەتی کارەبا تاقیکردنەوەی فشار لەسەر تۆڕەکان ئەنجامدەدات



وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند تاقیکردنەوەی فشار ئەنجامەدات لەهەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك"، ئاماژەی بۆکرد، "ئەگەری پچڕانی نەخوازراوی کارەبا لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە هەیە.

وەزارەتی کارەبای هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، وەزارەتەکەیان هەڵدەستێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی فشاری سەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی لەهەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك، ئەم تاقیکردنەوەیە ناوچەکانی ناوەوە و دەرەوەی پڕۆژەی ڕوناکی دەگرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەم تاقیکردنەوەیە ڕکارکی ڕێتینیە کە بۆ تۆڕی کارەبا ئەنجامەدرێت لەلایەن وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئامانج لێی دیاریکردنی کێشە و خاڵە لاوازەکانی تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبایە لە ماوەی دو ڕۆژی تاقیکردنەوە بۆ هەر پارێزگایەك کە تیایدا هاوڵاتیان کارەبای بەردەوامییان

دەبێت.

ئەوەشیخستەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتی کارەبا ئاگاداری هاوڵاتیان دەکاتەوە، ئەگەری پچڕانی نەخوازراوی کارەبا لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە هەیە.

وەزارەتی کارەبا دەشڵێت، "ئەم تاقیکردنەوەیە لەپارێزگای هەولێر دەستپێدەکات لە ڕۆژانی 1 و 2 ی ئەیلولی 2025".